

# شەریعەتی مەیل

## ڕاڤەی شیعرەکانی مەولەوی

هەمایۆن صاحب کەریم

بەرگی دووەم

کتێبخانەی
محەمەد عەلی قەرەداغی
مێژوو:

# شەریعەتی مەیل

## راڤەی شیعرەکانی مەولەوی

لەبڵاوکراوەکانی دەزگای

رۆشنبیری جەمال عیرفان ٢٠١٣

لەسەر ئەرکی (د. تەها رەسوڵ) چاپکراوە

شەریعەتی
مەیل

بەرگی دووەم

ناوی کتێب: شەریعەتی مەیل

بابەت: راڤەو لێکدانەوە

نووسەر: هەمایۆن صاحب کەریم

دیزاینی بەرگو ناوەوە: ئومێد محەمەد

تیراژ: ١٠٠٠دانە

نرخ: ٨٠٠٠دینار

ژمارەی سپاردن : ٢٠٥٥ساڵی ٢٠١٣ی پێدراوە

سەرپەرشتیاری زنجیرە کتێبەکان: بەختیار سەعید

سەرپەرشتیاری چاپ: مژدە عەباس

سوودو سەرمایەی ئەم بڵاوکراوانە بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفال کراوانە.

مافی چاپکردنەوەی بۆ دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان پارێزراوە.

# شەریعەتی مەیل

## راڤەی شیعرەکانی مەولەوی

بەرگی دووەم

هەمایۆن صاحب کەریم

پێشکەشە بە:

خامەی مەستی حەقیقەت و کەیلی بادەی لەیل

مەلاعبدالکریمی مدرس

## پیتی"خ"

خەرمانی خەمان ها وەکەل باوە
شەنکەر یەکێکە دووشەن وەلاوە



وێنەی نێو فەرهەنگی هەڵبەست

## شیعری یەکەم:

١-خورشید سەمای شیرین جەمالآن

رەشك ئەفزای گرۆی دیدە غەزالآن

ئەی خۆری ئاسمانی ڕوخسار شیرین‌و جوانەکان، کە ڕەشی زیادت داوە بەچاوی ئاسکەکان.

خورشید: خۆری تاقانەو وزە بەخش و بێ وێنە لە گەرمی‌و شەوق دانەوەدا، کە سەرچاوەیە بۆ بەخشین. مەولەوی لەم شیعرەدا وەسفی موتڵەق دەکات بۆجوانیێ کە نموونەکانی عەشق‌و جوانیەکانی تر لەمەوە سەرچاوە دەگرن. یان ئەم زۆری بەسەر جوانیەکانی ترەوە هەیە، ئەم چاوی گرۆی چاوجوانانی ڕشتووە. ئەم ڕەشی بە دیدەغەزالآن پێ بەخشیووە، یانی جوانی ئەم خورشیدیەو ئەصلێ، جوانانی تر پێی ناگەن و فەرعن.

٢-دانەی شەوچراخ خەزانەی هەستی

مەزەی نەشئەی عەشق بادەپەرستی

یەکتا دوڕی شەو درەوشاوەی لە گەنجینەی بووندا‌و مەزەی بۆ نەشئەی عەشقی عاشقانی بادەپەرست. کەواتە گەر(دانە)نەبێت ئەوە خەزانەی هەستی دەبێتە تاریکستان. یانی شەوق‌و نووری ئەوە، ئەم بوونەی داگیرساندووە. عاشقانی بادەپەرست بۆ دەرکەوتنی ئەو خاڵەیە لە ڕۆشنی بادەی ئەو پەرستیدا بە نەشئەن‌و تامێکی مەزەیان کردووە. گەر ئەو (دانە) نەبێت هیچ عەشقێ ناگاتە سەرشاری و مەستی. ئەوە! مەزەی نەشئە بەخشین‌و دڵ ڕۆشنی. یانی لە ڕاستیدا سەرچاوەی عیشقی مەجازیش هەر عیشقی حەقیقیەو نەشئەکە هەر یار پەرستیەو لەکەیل بووندا ئەو دوو عیشقە جیاواز نین!!

٣-دەرگای مەدینەی حوسن مەحبووبی

نوورئەفزای دیدەی جەرگەی یەعقووبی

تۆ دەروازەی شاری جوانیو خۆشەویستیتو فەرمانت دا بە گەڕانەوەی نوور (بینایی) بۆ دیدەی تاریكو قوڵی یەعقووبی. جەنابی مدرس نووسیویەتی مەولەوی نیوەی یەکەمی لەو فەرموودەیەی "محمد" وەرگرتووە کە فەرموویەتی(من شاری زانستم و عەلی دەرگاکەیەتی). جەرگەی یەعقووبی تاریك و نوتەکترین شوێنە لەڕواڵەتدا "کولبەی ئەحزان"وەك نمایندە بۆ هەرشوێنێکی غەمگین و لەڕاستیدا دەروون"ویژدانی"یاقوبە. وەك نمایندە بۆ هەر مرۆڤێکی دڵ تۆراوو دەروون تاریك.

گەلێ زاراوە لەچیرۆکی یوسفەوە گوازراونەتەوە بۆ دنیای ئەدەب و بوونەتە زمان بۆ شاعرانی

عاشق و عارفانی دێوانە لەوانە (جەرگەی یەعقووبی، کولبەی ئەحزان، چاڵی کەنعان، دەروونی زلێخا، عەزیزی میسر، بۆنی کراس، فاشی ڕاز، پاراستنی سڕ، مەحرەمی ڕاز، شادی زیندان، دەروونی تار، سەودای پیرەژن). هەروەها دیواودەرکردنی زەمان و مەکان، تێکچونی دیدگاکان بۆ کۆشك و تەلاران و بۆ دووری و نزیکیەکان. لە نزیکی یوسف لەزلێخاوە، زلێخا نابێتە خاوەنی یوسف و هاودەمی، کۆشك دەبێتە دۆزەخی هەردووکیان. فراق دەبێتە ئەزمون و دابڕان دوای گۆرینی ماناکان، زیندان دەکاتە کۆشکی یوسفو کۆشکیش دەبێتە دۆزەخی زولێخا، قوربانی دان بەنزیکی یەکەم جاریان، ماناکان دەگەڕێنێتەوە. ئەم بابەتو دەرسە بۆ زلێخاو بۆ یەعقووب بەنسبەت یوسفەوە، یەك دەرسە. چوون عەشق جیاوازی ناکات لە نێوان مرۆڤەکاندا، بەندەیێك دەکاتە خاوەنی میسرو خودایەکی ئەو مەمملەکەتە دەکاتەوە بەندە.

عیشقە هەموومان دەخاتە ژێر یەك پێناسەوە. بڕوانە یاقووب چوون ئەزموونی فراقی نیەو ئامادە نیە نزیکی بکاتە فیدای دووری، وەصڵ بکاتە قوربانی فەصڵ، خۆشەویستی بێجگەلە یار، بکاتە فیدای یاری تاقانە. بۆنی یوسف لەناو چاڵی کەنعاندا کە لەماڵەکەی نزیکترە نابیستێ بەڵام کاتێ عاشقانە یەکتا پەرستو یەکتا خۆشەویست دەبێو لەخۆیدا دەگۆڕێت، هەموو ئەو چەمك و بارانەش دەگۆڕێن. لەمیسرەوە چەند دوریشە بۆنی کراسی یوسف دەکات.

زمهرش بويى پيراهن شنيدى

چرا در چاه كنعانش نديدى

زلێخاش دوای دڕاندنی پەردەکان و پێ نان بەخۆیدا دەبێتە خاوەنی یوسف. یوسف: ئەو هاوهێزییەی تـوخمی ئەڤینە، کەبەکیمیای خۆشەویستی هاوکێشەکە هاوسەنگ دەکات. یەعقوب یەکسانە بەزلێخا لەدەستخستنی یوسفا. ئەم ئەندێشەیە دەبێ لەبەرچاو بگیرێت لەخوێندنەوەی زۆرینەی شیعری تەصەوف و عیرفاندا، مانا سەندنەوەو مانا بەخشین و گۆڕینی پێناسەکان بە یاساکانی خۆشەویستی ئاسایی و لەبار دێنە بەرچاو.

هاتنی ئێمە لەبەهەشتەوە بۆ سەر زەوی ئەزموون کردنی ئەم هاوکێشەیە بەهەموو بارەکانیدا. هەر ئەوەشە مەڵبەندو خەزێنەی ڕازیبوونی مەولەوی بەفەصڵ و سەرجەم کاڵاو شمەکەکانی. بۆ ئەوەی ببێتەوە بەخاوەنی یارو ژوانی ڕاستەقینە، کە ئێمە لەدەسمان داوە. ئەم فەسڵ و فراقە قبوڵ دەکەین و پێی ئەساچین بۆ ئەوەی ببینەوە بەخاوەنی "خواو بەهەشت". بەداخەوە ئەم خوێندنەوەو بۆچوونە لە شیعری مەولەویدا لەبەرچاو نەگیراوە، مانا بۆ خەم و هەم و دەردەکان ئاساییە وەك ئەو خەمە ڕۆتین و ڕۆژانەیەی هەموومان چاوی لێکراوە.

٤–خودا وە تۆش دان باڵای عەرعەری

هەر لایق وە تۆن شێوەی دڵبەری

خودا بەرزترین باڵای وەك عەرعەری بەتۆ داوەو شێوەی دڵبەری هەر لەخۆت دێت.

٥–کاڵای شیرینی وەباڵات بڕیان

تاس مەحبووبیت نەعاڵەم زڕیان

میراسی شیرینی بەتۆ بڕاوەو دەنگدانەوەی خۆشەویستیت لەدنیادا زرنگاوەتەوە. کاڵا: شمەك لەجل و بەرگ و سەرو شەدەو پێڵاو، سەراپای پێداویستی، یانی تۆ شیرینی سەردەمی منیتو دوای مردنی شیرین سەراپا بەرگەکانی بەتۆ دراوە. ئەمە سەرەڕای مانای شیرینی وەك تام و سیفەتی خۆشەویستی. واتە تۆ کە کاڵای شیرینیت پێبڕاوە

بویته (شیرین) و تەپڵی مەحبووبیت لەدنیادا بۆلێدراوە. لەهەورامانندا کەسێ کەقاوی لێدرێت‌و ڕازی بلاو بێت‌و بکەوێتە نێودەلێن (تەپڵش ژنیا)یانی حەیای چوو. مەولەوی ئیدیۆمەکەی بەباری ناوبانگی ئیجابیدا بەکار بردووە. تەپڵ ژەنین لە ناو گەلاندا بۆزۆر مەبەست بە ڕێوە چووە.

٦-نیگای خومارێت خەمبارم کەردەن

ژارمار دەرد وە دڵدا بەردەن

نیگاو ڕوانینی مەست و خومارت چەماندویانم و ژاری ماری دەردیان بە دڵدابردووم. یان نیگای مەستانەت خەمباری کردووم، وەك مارانگەستەیان لێکردووم کەژاری ماری بە دڵدا چوو بێت.

٧-بە وێنەی نەچیر زامان ئاوەردەم

نێش گولوولەی خەمباری وەردەم

وەکو نێچیری ڕاو بریندار بووم و ئازاری گوللەی خەفەتم چەشتووە. {دیوان ل ٢١٠}

٨-پەلەپەل پەی گیان نەدەس تۆ بەردەن

پەنام وە پەنای فیراقت کەردەن

بۆ ئەوەی گیانم دەربازکەم لەدەستت، ڕام کردووە لێت و بە هەڵەداوان پەنام بۆ فیراق‌و دووریت هێناوە. واتە نزیکیت گیان دەرکەرەو دەزانم دووریشت تاقەت پڕوکێن وتەن تاوێنە. هەردوو چەمکی (وەصڵ و فەصڵ)لای مەولەوی لە ڕێی عیشقی ئەو یارەدا بازی دەکەن‌و هیچ جارێ نەیان توانیوە سکونەت و کەمێ دامرکانەوە بدەن بەڕۆح و دڵی مەولەوی. مەولەوی هەڵوەداو مەجنونێکە ویستوویەتی لەنێوان ئەو دووچەمکەی عیشقدا بۆخۆی دڵدارییێکی جیاواز بکات. ئەم دووبەیتە نزیکن لەکەشی شیعری (٢٦پیتی ئەلف لەدیوانەکەدا). وەك یەك، زەجرەبە چەشتنی مەولەویە بۆ ئەو دوو چەمکە، جیاوازیان لا دەبات و یەکسانیان دەکات.

٩-ئیسەبێ ئامان خەستەی هیجرانم

سەرکەردەن هووناو نە تۆی زامانم

ئێستا ئامانم نیەو بیماری دەردی دووریتم و لە زامەکانمەوە خوێناو سەریکردووە. من کە لە پێناو دەربازکردنی گیانمدا دووریتم هەڵبژارد، کەچی لەدووریشتا ئامانم نیەو بیمارم.

١٠-نە صەبرم چەنی دووریت مەسازۆ

نە وەصڵت وە مەیل دڵم نەوازۆ

نە تاقەتوصەبرم هەیە بتوانم لە(فەصل)دا هەڵکەم و نە(وەصل)یشت بەکام و مەیلی دڵمە. یانی صەبری من بەشی فەصڵ و مەیلی دڵ بەشی وەصڵت ناکات. لەهەردوو پۆلی (وەصڵ و فەصڵ) دا، بێقووتو خۆراکم. ئەم دیدەش لای عارفانی وەك عطاری نەیشاپوری هەیە:

نە ز وصلٚ تو نشان می یابم

نە ز هجر تو امان می یابم

ئەمەش دەلیل و ئەنجامێکە مەولەوی یەکسانبوونی( فەصڵ و وەصڵ)ی سەلماندووە.

وەختیٚ جە وەصڵیٚ هەر دڵم ڕێش بۆ

مشیۆ فەصڵو وەصڵ فەرقشان چێش بۆ

١١-نە یارای خەیاڵ وە صاڵ تۆمەن

نە تاب دووری خەیاڵ تۆمەن

نە دەرەقەتی خەیاڵ کردنەوە لە وەصڵت دێم و نە چاری دووربوون لەخەیاڵ و بیرکردنەوە لە دووریت (فەصڵ). یانی خەیاڵی پێگەشتنی تۆ بەجۆریٚ شالاویان بۆ هێناوم پێیان ناوێرم، ناشتوانم بەرگەی تینی بێخەم و خەیاڵی لە دووریت بگرم. یان نەجورئەتی وەصڵتم هەیەو نە تاقەتی فەصڵت. مامۆستا (یارای) بەماوەو فرسەت لێکداوەتەوە. بەمەش ڕاڤەی نیوبەیتی یەکەم بە ئاقارێکی ترا براوە {دیوان ل٢١١} لەهەوراماندا بەم حاڵ و دۆخە لە ئاستی مەجازو زمانی میللی کۆمەڵداو وتراوە:

(نەبیٚ تۆم کریۆ نەچن تۆم کریۆ، نە بیٚ تۆ دەمکریٚ و نە لەگەڵ تۆش دەمکریٚ)

١٢- دڵ مەندەن نەبەین خۆف و ڕجادا

مەزانۆ ڕاش کام یاوۆ ئەولادا

دڵ داماوە لە نێوانی ترسی فەصڵ و تکای وەصڵداو نازانێ ڕێی بەکام لایان دەگات. ئەم حاڵەتی مۆلەقی و هەڵواسراویە هەردەم لەبیرکردنەوەی مەولەویدا ئامادەیە، بەڵام لێرە بە ئاشکرا مرشد ئامادە دەبێت بۆ تێپەڕکردنی ئەوحاڵە .

١٣- مەر تۆ وەکەرەم تەشریف باوەری

یا وەلای وەصڵت ڕابەریش کەری

مەگەر تۆ کەرەم کەیت و خۆت بێیتە دڵەوە. یان ڕێنمایی و ڕابەری دڵ بکەیت بێتە لات. ئەم دێرە چرای ئەوەی هەڵکردووە لە مێژوودا بۆ(شێخ عوسمان یان بۆ شێخی بهالدین) نووسرابێت و وەسفەکانی سەرەتای شیعرەکە بەبالآی ئەو دوو زاتە دەخۆن بەرەو بەرزایی ماناش بچین دەتوانین جێ بۆیاری تاقانە بکەینەوە لەژێر ڕۆشنایی کۆتا دێڕدا.

١٤-وەر نە ئازیزم قەسەم وە نامەت

سەرگەردان مەبۆ تا ڕۆی قیامەت

ئەگینا ئازیزم قەسەم بەناوت، دڵم تا ڕۆژی قیامەت بەسەرگەردانی ئەمێنێتەوە. دەشگونجێ (نامەت و قیامەت) (نامت و قیامت) بێت و ئەوکات ماناکەی دەبێتە: ئەگینا ئازیزم قەسەم بە ناوت دڵم تا ئەو ڕۆژەی هەڵئەسیت بێیت بۆلای، هەر سەرگەردان دەبێ. {دیوان ل٢١١}

# پیتی"ش"

**شوورای عاشووران دیسان بەزمش بەست**
**مووحەڕەم ئامامەحرەم شی نەدەست**



## شیعری یەکەم :
## سۆرانیەکەی ئەردەلانی

١-شێخ دەوڵەمەند بەهرەی سەرمەدی　　　شێخی دەوڵەمەن بەهرەی سەرمەدی
یاگەی حەقیقەت جیلوەی ئەحمەدی　　　جێی ڕاستەقینەی جیلوەی ئەحمەدی

ئەی شێخی دەوڵەمەن لەبەش و بەهرەی نەبڕاوەو جێگای دەرکەوتنی نووری ڕاستەقینەی پێغەمبەر. لە وەڵامی نامەیەکی شێخی سراج الدیندا نوسراوەکە گلەیی لە مەولەوی کردووە .{دیوان ل٣١٨}مامۆستا حەکیم ئاماژەی پێداوە مەولەوی بەشێ لەم شیعرەی گواستوەتەوە ناو عەقیدەی مەرظیە. ناسینی شیخ لەعەقیدەکەدا یارمەتیدەری باش دەبێت بۆ تێگەشتمان لەم شیعرە. دوکتۆر ئەنوەر قادر لە باتی سراج الدین ناوی بهاالدین دەبات. {لیریکا ل٦٥} ڕەنگە هەڵەییکی نەخوازراو بێت گەر هەڵەی چاپ نەبێت ، دەبێت لەوهەلآنە بێت کە ناغافڵ مرۆڤ تووشیان دەبێت، بەندە لەم هەولەدا چەند دانەییك لەو هەلآنەم بەملا هاتووە.

پێم وایە زەمینەی خوێندنەوەی نەرمونیانی ئەم جۆرە شیعرانە ئاوەنیا نەبووە، هەموو ئەو سەرنجانەی کە لەسەر کاری مدرس دەدرێن لەم نالەباریەوەیە. مەولەوی جیلوەو تەجەللای خودایی لە نێومرۆڤدا لە پێغەمبەرانەوە گواستوەتەوە بۆ نێو دیمی نوورانی ئەولیا، بێجگە لەوەش ئەم جیلوەی ئەحمەدیە(ئەزەلی و ئەبەدی)یە چاوگەکەی خوایەو نەبڕاوەو لەبن نەهاتوە دەبێت ڕووبەری سەرمەدی بوونی جیلوەو دەرکەوتەی قەتیس نەکرێ و بنەبڕ نەکرێت. چوون ئەو"شأن"و سیفاتانەن دەرکەوتن و نمایایان مایەی شناسایی و خۆشەویستنی زاتی حەقە بە مانایەکی ڕۆشنتر ئەو جیلوە ئەحمەدی یە دەلیل و ڕایەڵی بەستنەوەی دڵداری نێوان ئێمەو یارە، هاتنی پێغەمبەران بەهەمان نوورەوە لە هەوەڵەوە تا ئاخر لەڕوی عرفانیەوە ئەم مەرامە بۆ ئێمە دەستەبەر دەکەن و جوانان لەبەر دیدی ئێمەدا بەرکەوتەی ئەو نوورەن و لەو نووره بەشیان دراوە، بۆیە توانای پێکانی ئێمەیان هەیە لە یەکەم نیشانەو تیریاندا. مەلاعبدالکریم فەرموویەتی ئەم شێخە لە دوای مەولاناوە خەزانەی ئەمانی پێ سپێرراوە.

له مەولاناوە خەزانەی ئەمان

تەسلیم بووبە دەس حەزرەتی عثمان {مرضیه ل٥٦٧}

مەولەویش نیازی بووە کە بڵێ ئەم بە تیرێ پێکراوە زاتی حەق وەشاندوویەتی لە ئەحمەد دراوەو ئەمانیشی سمیووە. یان ئەو جیلوەیەی لە ئەحمەددا دەرکەوتووە لەمیشدا درەوشاوەیە ئەمەش دەبێتە ئەو پەیمانەی کە بەستنی لە گەڵ پێغەمبەردا مانای گرێدانیەتی بەخواوە. ئیتر تۆ "من"ی خۆت بەجێ دێڵیت (من و تۆلەمن و تۆیی دەسێنێ ) بۆیەمەولەوی پیران و شێخان و ئەولیای طەریقەتەکان دەسکراوە دەکات لە ئیجتیهاددا. ئەو مەدرەسانە جیاوازیان لەڕواڵەتدا چەند زۆر بێت لە کرۆکدا یەك دەگرنەوە. چوون پێغەمبەران و دینەکانیان، مەزهەبەکان و ئیمامەکانیان بەهەمان ئەم سیفەتە جیاوازی ڕواڵەت و یەکبوونی کرۆکیان هەیە. تەنانەت خوێندنەوەی مەولەوی بۆلایەنی سەرەکی پەیمان بەستن و شوێنکەوتەیی"مرید بۆ پیر"بە بالأی مەزهەبەکان و شوێنکەوتنیان بەراورد دەکات. لەوەش زیاتر دەڕوات، لەبەرز کردنەوەی وەلیەکاندا تا ئاستی پێغەمبەران.

طريقة القوم كل منهاحق

کول عەینی شەرعن بەڵ لوببی موطلەق

وەك موجتەهیدین ظاهیر ئیجتیهاد

ثابتە تاقی بۆشێخی ئیرشاد

چی بۆموجتەهید هەس بەرموقەللید

لەسەرمورید هەس نیسبەت بەمورشید

بل قالوا:الشیخ فی شیعته

کان کالنبی فی امته {مرضیه ل٥٣٤}

کەمن لام وایە تەشبیهەکە هەر بۆئەوە بووە بڵێ چۆن پێغەمبەران لە ناو ئومەتەکانیاندا جێیان گرتووەو ڕابەرن، مورشدو شێخ و پیرانیش لە ناو مریدو لایەنگرانیاندا وەها جێ دەگرن. واتە پێغەمبەری چکۆلەن. من نیازم لەو زاراوەیە تێگەشتنە، لەڕوی بەلاغیەوە.

وە ئێمە دەزانین بێژەی "ئوومەت" کە پێغەمبەران ڕابەری دەکەن، لەمریدو مەنسووب و خێڵ و تەریقەتەکان، گەورەتر وێنە دەکرێ کە "وەلییانی" تەریقەتەکان رابەریان دەکەن. چوون هیچ کات لەهیچ شوێنێ هیچ وەلیێ نیە ئوومەت"قوم"ی هەبێت. بەمەش مەولەوی لە ڕەخنەکە بە پاك دەر دەچێت. کە خوالێخۆشبوو مامۆستا فاتیحی مەلاکەریم لەو ڕووەوە سەرنجی ڕەخنەی دەربڕیوە. بڕوانە {مەرضیە ل٥٦٨ پەراوێزی ١١}

مەلای جزیریش فەرموویەتی:

عارف حەتا نەنۆشیێ ژ دەستی مەی فرۆشیێ

غائیب نەبو ژ هۆشیێ پەیدا نەکر ویلایەت

٢-جە شەو هەوارگەی فەنا ویەردە　　　لەشە وهەواری فەنا رابردوو

پای هەردەی بەقا یاتاغگە کەردە　　　لەهەردی بەقا جێگە خۆشکردوو

شەوگەی فەنات جێ هێشتووەو لەپاڵ هەردی بەقادا هەوارت هەڵداوە. شەوگە: لە کێوو کوێستانەکانی هەوراماندا چەندین شوێن هەن کە ڕاوچیان یان کێو نەوەردەکان بۆ لادان و مانەوە ڕۆژی تیا ئەکەنەوە. ئەم بەیتە ئالأوەتە شەو ڕەوی حەزرەتەوەو لە وەوە شۆڵەی گیراوەتە شێخی سراج. چوون حەزرەت بەشەودا بوو سەرزەمینی موەقەتی بەجێهێشت و لە سەروی فەناوە بەپلەی بەقاگەیشت. شێخیش با لەڕوکەشدا لەدنیای بێکەڵکایە بەلاّم لە ڕاستیدا ئەو لەو دنیایە دابڕاوەو لەبەقادا دەژی. ئەو کەسێکە لەدنیای ڕۆحیانەتا هاوڕێ و هاو سەفەری حەزرەت بووە لەسەفەرەکەی شەویدا. بە مانا پاش و پێش کردنی سەردەمەکان هەڵ دەگیرێت مەولەوی لەباسی "حسێنی"شەهیددا هەمان ئەندێشەی وروژاندوە. حسێن فریای حەزرەتی ئیسماعیل دەکەوێت، خوا گیان لەبەر ئاییندەی پێغەمبەری ئیسمایل دێڵێتەوەو شەکێ ڕەوانەی قوربانیگا دەکات. مەولەوی ئەو ڕۆحی قوربانیە لەپێناو "نەسل پارێزی پێغەمبەراندا" بەعاشورا و شەهیدبوونی حسێنەوە گرێدەدات. یانی حسێن جارێ قوربانیەکەی حەزرەتی ئیبراهیم و بەلاگێڕەکەی ئیسماعیل بوو بۆئەوەی نوتفە بێتەپشتی "عبدالله" و پێغەمبەری ئازیز دنیای پێ ڕۆشن بێتەوە {مرضیە مبحث الحسن والحسین ل ٥١٣} ئەمە باسێکی گرنگە بۆ

دۆزینەوەی ئەو ڕاستەهێڵەی کە بیرکردنەوەی عرفانی سەرجەم ڕەچەو تەریقەتەکانی لە ڕۆژهەڵاتا دەکەوێتەسەر. هەرلەم ئەندێشەوەیە یارسانەکان بەگوێرەی بنەمای دوناودون چەند پشت و دۆنێ بۆحوسەین لە سەردەمە مێژووییە جیاوازەکاندا هەڵدەدەن. بەڕێز محمدی حجازی بەگوێرەی نوسخەی "ش" دەنوسێ :

جەوارگەی مەنزڵ فەنا ویەردە

پای هەردەی بەقا وە یاتاخ کەردە

بە دوو دەلیل بۆچونەکەی دەسەلمێنێت و بۆرەکەییش دەکاتە پشتیوانی. دەلیلی دوەم کە واژەی"جەشەو"ی پێ لابراوە ئەوەیە کە بڕینی مەنزڵەکان هەر بەشەودا نیە {حجازی ل ٤٣} .سەبارەت بەم بۆچوونەی حجازی دڵێین :

جارێ شیعرەکە بەهرەی لەمعراج وەرگرتووەو عروجێکی شێخە، مەولەویش لەبەرئەوە "شەو" ی داناوە. وە کەسیش نەیوتوە مەولەوی هەورامیە تا دروست و ڕێك زمانەکەی هەورامی بێت. خۆ ئەگەر دارشتەو هەندێ وێنەی مەولەوی ڕای جیاوازو ئاڵ وێرو هەلگرو داگری بوێ، ئەمەیان مەولەوی خۆی دێتەجواب و دەڵی با ناوبژیکەر وازبێنێ. لە"مەرضیە"دا ئەم دێڕەی بەزمانی ناوچەیی هاوردووە:

لەشەو هەوارگەی فەنا بگردگ

پێی هەردی بەقا یاتاخگە کردگ

شەوهەوارو شەوگەی فەنات جێهێشت و لێی تێپەریت و دوورترو بەرزتر چوویت لە بەقادا کۆڵ و بارت خست.

بەرزبوونەوەی حەزرەت بەشی گەورەی ئەوەیە کە لەپێغەمبەرەوە دەردەچێت و ئێمەی پێ ئاراییشت دەدرێت. ئەو عوروجەیە کە لەپێغەمبەرناسیدا هاتووە.{پیغەمبەرناسی تەحسین حەمە غەریب} ئەو شەوڕەویە ئامانجی گەورە تیایدا فێربوونی مەقامات بەرزی ئومەتێکە کە پێغەمبەرەکەی لەئەزموونە ڕۆحیەکاندا گەورەترین حاڵ و دەرسی بەجێهێشتووە. پێشترو پێم وا بێ بەر لە هەموو کەسێکی تر مەولەوی بەجوانی ئەم باسەی ورووژاندووە. بۆ ئەوەی لەو دەرسەو پەیوەندی میعراج بە ئێمەوە تێبگەین گرنگە هەردوو سەرباسی

"ئیسراو میعراج"و هەروەها باسی حەزرەتی شێخ عثمان لە"مەرضیە"دا بخوێنرێتەوە کە یارمەتیدەری باش دەبن بۆکردنەوەی پەنجەرەی زیاتر لەسەر تێگەشتنی باسەکەو ڕاڤەی ئەم شیعرە. چوون شۆڵەی ئەو داوەتە خودایییەی پێغەمبەربێگومان تیشك لە ئوممەتەکەیدا دەداتەوە. ئەمەش ئەو پەیوەندیە ڕوناکی یەی نێوان ئەولیاو پێغەمبەرانە. کە ئەوپەیوەندیە سنووردار نیەو دەشێ شوێن کەوتوانی ڕاستەقینەی پێ منەوەربن. واتە ئەو شەوقە گیراوەتە دڵەکان و باخچەکانی ڕازاندوەتەوە. ئەمەش سیفەتی"ئاوێنەیە"کە بێ درۆ وەك خۆیان وێنەکان و تیشکەکان ئەدەنەوە.

ڕەنگە "ئاوێنە" لەشیعری مەشرەب ڕۆحاناهەمان "محمد" پێغەمبەر بێت، بۆ شۆڵەو تەجەلاکانی ئیلاهی و ئیتر لەویشەوە ئەم ئاوێنەیە دێت و یاران دەبنە پیشاندەرەوەی شەوقی ئەو تادێتە لای پیرانی ئێمە کەمەولەوی بە ئاوێنە ڕۆشن و کامڵەکان ناویان دەبات، واتە دروست پیشاندەری هەمان جیلوەی ئەحمەدین.

شۆڵەی ئەو بەدرە لەو دەورە ئەوشەو
شەونم لەو هەورە بەو تەورە ئەوشەو
دای وە دەشتی دڵ گشت ئەصفیادا
وەشت وەکشتی سیڕ گشت ئەولیادا
"أشرقت الارض"تەئویل دریاوە
"ماءة حبة"تەفسیرکریاوە
پەردەی ظوڵمانی نەفسانی لاچوو
تۆمی وەردی عیلم عیرفان سەر ئاوبوو
خەندەی خونچەی کەشف کەونی و ئیلاهی
سەوزەی کەرامات ناموتەناهی
هەریەك بە تەرزێ خۆی نوماییش دا
باخچەی ئەولیای پێ ئاراییش دا

ئەمە ئەو سیرەیە کەمەولەوی و سرپاریزان و یارانی تر باسیان کردووە. ئەو راستەهێڵەی دروست سەروجەمسەری ئێمە بەپێغەمبەرەوە دەبەستێتەوە، وە ئەو پەیوەندیەی نێوان ئەو سەروەرەو ئەم پیرەی باخچەی خانەقای تەوێڵە بۆ ئێمە "ونارا-رازاوە" تر دەکات. چوون لە شیعرەکەی مەولەویدا رابەری شێخانی نەقشبەندی دارای کۆمەڵێ سیفەتە کە بێگومان دوای ئەو شەورەویەی مرۆڤ (بەجێهێشتنی فەناو یاگە گرتن لە بەقادا) دروست دەبن. یانی سراج لە شەوقی میعراجی بەرکەوتووە. دەبێ ئێمەی دەست و پەنجە تەزیووئەوەش بلێین لە بەردەری ئەم جۆرە شیعرانەدا دەبێ خۆمان بدەینە بەر خۆرەتاوی (وەرەتاوی)زانستی جەنابی مەلا عبدالکریم. چوونکە شیعرەکان پڕن لەزاراوە زانستیەکان. بۆیە راشەکان لەدیوانەکە دەگوازینەوەو لە کوێشدا بەپێویستمان زانی قسەی خۆمان دەکەین.

| | |
|---|---|
| ٣متصف بە وەصف شانیوصفاتی | مەوصووف بە وەصفی"شأنی"و"صفاتی" |
| مشرف بەفەیض تەجەلای زاتی | نائیل بە فەیزی تەجەللای زاتی |

ئەی شێخێ کە ئەوصافی فیعلی و زاتیت هەیە بەرەکەتی دەرکەوتنی نووری زاتی خوا لێیداوی{دیوان ل٣١٨}بە گوێرەی ئەم بالابرانەی مەولەوی کە بەزاناو راستگۆو بوێری دەناسین. حەزرەتی شێخ عثمان لە عالەمی ئەرواحا هاورێی شەورەوی بووەیان ئەو بە ئەزموون کردن و گرتنەبەری سەختیەکان لەتەریقەتدا توانی بەروتبەی بەرزو مەقاماتەکانی بالابگات چوون وادی و سەحراو ساراو هەردەکانی بەترس و ئارامی و تکاو رازیبوونەوە بڕیوە. ئەو زۆرباش توانیویەتی خۆی بدا بەدەریای بێپایان و بێ پەی خۆشەویستی ئازیز هەموو داواو بەلای پیا کێشانە سەختەکانی یاری بگرێتەگەردن.

| | |
|---|---|
| ٤-خەلیفەی صەدای (ادن) شنەفتە | خەلیفەی ئەو کەس"ادن"ۆ دەسمایەی |
| بەڵەد نە سارای ئەطوار هەفتە | شارەزای دەشتی حەو پلەوپایەی |

ئەی شێخێ کەجێنشینی ئەوپێغەمبەرەی بانگی (نزیک بەرەوە) بیستووە لەخوا، لەمەیدانی ئەوحەوت حاڵەدا شارەزای بەسەرمریدا تێدەپەرێ. ئەطواری هەفتە: حەوت لەطیفەکەن {دیوان ل ٣١٨}.مامۆستا حەکیمیش فەرموویەتی نیازی لە وادیەکانە{مەولەوی و

تەقینەوەی زمان ل١١١} . لەتیفـەکان و وادی و صـەحراکان لـە جێکەوتـەو باریانـدا جیـاوازن و لەمەرام و ئامانجا تێکڕا لە خزمەتی تەی کردنی ڕێگەکەدان و هەموویان پەیوەندار دەبن بـەگیانی شۆڕشـگێڕی سـۆفیەوە. مەولـەوی بێجگـە لەئـەزمونکردنی هـەموو پلـەو پایـەو سەحراو زیندوکردنەوەی مەڵبەندەکانی زکر لەتەواوی جەسـتەی خۆیـداو گوێدانـە زکـری تەبیعـەت و تـەواوی سروشـت، کـە ئەمـەی وەك ڕێبـوار هەسـت پـێ کـردووە، وەکـو زانایەکیش دەتوانین بە"عرفانناس" نـاوی ببـەین. چـوون لـەڕویی نەزەریـەوە زۆر چـاك مـەقام و کـون و کەلەبـەرو قوژبنـەکانی ئـەو مەدرەسـە حوبیانـەی ناسـیووەو لـە "مەرضیە"دا وەك تیۆریزە کارێك عەجەب دەرکەوتویەکە. دەکرێ مەلایەکی شارەزا جیا لەکارە سەر سوڕهێنەرەکەی جەنابی مدرس کار لەسەر (عەقیدەی مـەرضیە) بکات و. تەلانەکانی باغی عرفانی ئەو کتێبە بەجوانترین شێوە دابنێ. ئەم حەوت ئەطوارە کـەلای شاعران و عارفان بەحەوت کیشووەرو شاری عیشق و حـەوت ئیقلیمیش نـاو دەبـرێن. هەروەها "ئەطواری هەفتە"بەمانای ئەفلاکیش دێت. {مەولەوی و تەقینەوەی زمان ل ١١٢}تێپەڕین بە بازگەو کەمینە سەختەکانی ئەو حەوتەدا مرید دەگاتە سارای کۆتابوون کە "فەنایە"و ئیتر لە"بەقا" نزیك دەبێتەوە. کەشێخەکەی ئێمە ئەوشوێنەی گرتووە.

هەندێ سات لە خوێندنەوەی ئەم جۆرە شیعرانەدا دێتـە ژیانی خوێنـەرەوە، مەترسـی لەسـەر بیرکردنـەوەو ئەندێـشەی دروسـت دەکـات. لەبـەر ئـەوە گرنگـە خوێنـەری عاشق"ئیرادە"ی هەبێت و "بیر"بخاتە لاوە، بیر نەکاتەوەو تێپەڕێ، چاونوقاندن هەنـدێ جار لە بینین باشترە. ئەو ساتانەی کـە( دنیـا هیـچی نـەبوو، هـەر ئـەو بـوو) ئەمـە ئـەو ساتەیە. تەمەنای هەندێ جاری عارفان بۆگەڕانەوەی یەکەم بار، یەکەم دۆخی سەرەتا. هەموو ئەم ساتانە بەتەمەنی عارفاندا گوزەریـان کـردووە. خـۆ ئـەو سـوڕانەوەش دەبـێ بمانباتەوە بۆهەمان پنتو ئیترجارێکی ترسازاندنی ژیانی

هەمیشەیی لای خوایە. حکمەتی بازنەیی و دائیرە بـوونی ئـەم کـەون و کائیناتـەش هـەر ئەوەیە.

٥–واسیطەی ڕاگەی بەینی عیلم و عەین	واسیطەی ڕێگەی بەینی حاڵ و قاڵ

صاحیب جناحین یەعنی ذی النورین	دارای دوو نوورو خاوەنی دووباڵ

تۆ ناوەندو گەیێنەری هەردوو ڕێگەی عیلم و زانیاری کەدەستووری شەریعەتەو زمان حاڵی ئەو دەوڵەتە قاڵە، شاری عەین"عیرفان"کە کیشوەری دەریا دلآنەو لە حەوت ئیقلیمی خۆشەویستی پێکهاتووەو زمانحاڵی ئەم دەوڵەتە حاڵە. ئەم دوانە"ظاهرو باطن" تۆکلّ و مەژگە دڵ و دەست یەکدەخەن. شێخی ئێمە ئەم دووجهانەو زانستەکانیان پێوەن دەکات و بەیەکیانەوە دەبەستێت واتە بەدووباڵی شەریعەت و تەریقەت بەرەو ئاسمانی حەقبقەت دەفرێت. مەولەوی لە (مەرضیە) دا دەرگای باشترمان لێدەکاتەوە:

واسیطەی ڕێگەی بەینی عیلم و عەین

واریثی حائیز حەیای ذی النورین

سیراجی وەهاج شەرع و طریقەت

سەرمایەی ڕەواج کالآی حەقیقەت

یانی: شێخی ئێمە دەلیلی ئەوانەیە بەدوای خواناسیدا وێڵن دەیانەوێ لە پلەی علم الیقینەوە کەڕێگەی زانینەو پشت بە حەواس وبەڵگە دەبەستێ بگەنە عەین. واتە عین الیقین کە زانینی موشاهەدەیە{مەرظیەل٥٧٧} سیفەتی ذی النورین لەقەبی خەلیفەی سێیەمە دەداتە عثمانی سەردەم مەولەوی ئەم نەزاکەتەی نواندووە{دیوان ل٣١٩} خاوەنی دوونوور ڕەنگە لە دووجار زاوا بوونی عثمانەوە بێت هەردوو نوور کچانی پێغەمبەر"رقیەو ام کلثوم"بن {مەرضیەل ٥٠٠}

٦–پیر پاك جەگەرد خاك ناسوتی	پیری بێگەردی خاکی ناسووتی

مەنزلگەی سەربەرز سەرمەلەکوتی	وارگەی سەربەرزی سەر مەلەکووتی

ئەی پیری پاکەوە بوو لە گەردی خاکی جیهانی مادی ئادەمیزاد، کەمەنزڵی سەر بەرزو شوێن بەرزی فریشتانت گرتووە. تۆ لەجیهانی ناسووت هەڵبڕاو و دابڕاو ئەی یەك پارچە بوو بە جیهانی لاهووت و مەنزڵ گیر لە ئاسمانی فریشتان. جێگای پیری پاك و

پیرۆز"اعلی علیین"ی مەلەکووتە، نە"اسفل السافلین"ی ناسووت، ئەی پیرەکەم کە شوێنی بەرزت لە سەروی جیهانی فریشتەکانەوە گرتووە {رسالەی عیشق ل٥٢-٦٠}

٧-دڵ وە نەوای بەزم جەبەرووت ئاوا　　بەنەوای بەزمی خوایی دڵ ئاوا

سێراو سەراو لاهوتی ماوا　　پاراوی چاوگەی لاهوتی ماوا

ئەی دڵ ئاوەدان بەنەواو بەزمی یەزدانی و بەشدراوی دەسرۆشت و دڵفراوان، پاراو لەسەر چەمەی هانەی لاهوتی. واتە: ئاو بۆ هەڵکراوو تینوو شکاو لەسەر چاوەی پاکی یەزدانیەوە

یان سەرمەست بەشەرابی پاکی خودایی.

٨-جسما لدینا روحا لدیە　　باطن لای خودا لای ئێمەی بەناو

دائیرەی تەمام منە الیە　　"بدأ"و"انتها"ی دائیرەی تەواو

ئەی شێخێ کە بەلەش لای ئێمەی و بەدڵ لای خوای، دائیرەی مەعنەویات لە خۆتەوە دەست پێدەکات و لەخۆتا دوایی دێ. {دیوان ل ٣١٩}. بنکەی دائیرەیەکی کە نووری خوا روو بەڕوی تۆ ئەبێتەوەو لە تۆیشەوە "توجهات"ی تەریقەت روو ئەکاتەوە خوا. {دەقەکانی ئەدەبی کوردی ل ١٠١} لەرسالەی عیشقیشا هاتووەکە ئەم میسرەعە (فنافی اللهو بقاباللە) یەکە لەڕاستیدا وەك دائیرەیەکی ڕۆحانیەو بەمەدارو سورێکی هەمیشەیی کامڵ دەبێ {رسالەی عیشق ل ٦١} پێم وابێ مادام پێشتر بە(عەین) گەشتووە، عەینیش ئاماژەیە بەو شتەی کە خودی شتەکانی لێوە پەیدا بووە چوون لە هەموو ساتەکانی بەرز بوونەوەو عوروجدا بەندە بەخوای خۆی دەگات. نەخوازەڵلا میعراجی حەزرەت کە بڕاوەتەوەو تەجەللاو شۆڵەی ئەویش لەسراجی ئێمەی داوە.

٩-بێ تەلوین نەسای تەمکیندا مەکین　　ثابت لەلووتکەی ئارامگەی تمکین

روح اللە روحە امین　　رۆحی پاراوکەی، خودایە ئامین

ئەی شێخێ کە لەسێبەری و دامەزراوی و نەگۆرانی وەزعدا جێگات گرتووە، خوا گیانت تواناترو بەهێزتر بکات. {دیوان ل٣١٩} تەلوین: مەقامی پشکنین و گەڕانە بەدوای ئیستیقامەت و ڕێگەی ڕاست گرتنەبەردا. تەمکین: مەقامی جێپێ پتەوکردن و دامەزران

لەسەر ئەم ئیستیقامە. ابن العربی تەلوین لە تەمکین بەرزتر حیساب دەکات. {مەرضیە ل٥٨٥} کەواتە تەمکین حاڵی"اهل الوصول"ە. حاڵی ئەوانەی بەرێوەن تەلوینە، واتە دڵ و دەروون و بار گۆڕاون. تەمکین حاڵی کۆتایی پێهێنانە بە تەلوین. {فەرهەنگی سۆفیانەی دیوانی جزیری و مەحوی ل٨٣} واتە ئەوانەی لەتەمکین دان ڕاڕانین و باری جێگیریان لە ڕۆچوون بە ئیستیقامەتا هەیە. ئەوانەی دەگەنە کۆتایی لەتەمکین دان. مەولەوی ئاماژەی گرنگ دەدات بەمەقامی شاسراج و بێ ئەوەی دەست پێبکات (واتە بە تەلویندا بڕوات)لە تەمکیندا جێگرتووە.

سەرەتای ئەم شیعرە پەسن و پیاهەڵدانە بەمەقام و پایەو دەسەڵاتی ڕۆحی شێخ عوسماندا و بەندە پێم وایە نوسینی لە نێو عەقیدەی مەرضیەدا لە پێشترەو ئەمەی کە کەمتر لە شیعر دەچێت سەرەتا لەوێ نووسراوە، پاشان کەشێخ گلەییەکە ئاراستەی مەولەوی دەکات مەولەوی ئەو سەرەتایەی عەقیدەکەی کە تایبەتە بە پیاهەڵدانی شێخ دەکاتەوە بەلگەی دڵسۆزی و دەیگوازێتەوە بۆ وەڵامە نامەکەی کە ئەم شیعرەی بەردەستمانە، ئەمەش دەزانین عەقیدەی مەرضیەیان ١٢٨٠یان ١٢٨١ کۆچی نوسراوە، واتە سێ ساڵ بەر لە کۆچی دوایی شێخ عثمان. بەم پێیە ئەم شیعرە بە گونجاوترین بۆچوون دەبێت ساڵی ١٢٨٢نوسرابێت. ئەم شیعرە وەك شیعریەت و سەلیقەی مەولەویانە لێرە بە دواوەخۆی دەناسێنێ

١٠-نامەی ڕوح ئەفزای شیرینت یاوا نامەی گیان بەخشی شیرینی تۆ زوو
دڵ وەمەردومەك دوو دیدەش ساوا دڵ لە گلێنەی دوو دیدەی هەڵسوو

نامە شیرینەکەت گەیی، ئەو نامەیەی ڕۆح بە تاوترو تاوسێنتر دەکات. دڵ نایە بان گلێنەی چاوەکانی. گیان بەنامەکەت گوڕو تینی تێکەوتەوەو دڵ لە چاوانی هەڵسوو، بەصیرەتی تێکەوتەوە.

١١-تۆی دەروون وەنوور صەفادا پەرداخ نووری سەفاکەی دڵی پەرداخ دا
بۆی ئاشناییم دا نە ڕووی دەماخ بۆی ئاشناییم لەڕووی دەماخ دا

ساراو ناوەوەی دەروونی بەنووری پاکی شۆردەوەو ڕازانیەوە، بۆنی یاری و ئاشنایی بە دەماخم بەخشیەوە.

تۆی دەروون: سروشتی چلێس و فراوان و لەبن نەهاتووی نەفسی ئەمارە، کە بەدوای چڵکی گوناهو لێڵی و خراپەدا وێڵە، دەروون پیس دەبێت بەگوناهان، هەردەم شۆردنەوەو پاك بوونەوەو پۆشتەو پەرداخی پێویستە. نووری صەفا پاکت دەکاتەوەو لە شتەکان داتدەڕنێ و لە حەقیقەت نزیکت دەکاتەوەو ئاشنایی بەزاتی حەق دەدات بەلووتدا. مەولەوی دەڵێ نامەکەت گیانی بوژانمەوەو دڵی ڕۆشنکردمەوەو بەنوورەکەشی دەرونی حەمام دام و پاك و پۆشتەو خاوێنی کردەوە. ئێستە ئیتر گیان و دڵ و دەروون ڕازاوەو خاوێن و باصەفایە. سازە بەرەو ئاشنایی حەق.

١٢–دەرگای حوقەی لاڵ دانەت شکاوان | شکاندت دانەی حوققەی مرواری

جە ڕووی لوطفەوە ئینەت فەرماوان | لە رووی لوتفەوە ئەمەی لێ باری:

دەرگای سندوقی دەنکە لەعلت شکاندووەو لە ڕووی لوتفەوە ئەمەت فەرمووە{دیوان ل ٣٢٠} دەمی تۆسنوقی لەعل و گەوهەرە، تۆ گەنج وگەوهەرو خەزێنەی لەعل و مرواری دەمت کردوەتەوەو بەلوتفەوە دانەی چەند مرواریەکەت بۆمن شکاندووە.

١٣–یاکاغەز بڕیان یا مەلاّ مەردەن | یا کاغەز نەما یا مەلا بەرباد

یاخۆعارتەن دۆس وە یادکەردەن | یاخۆ پێت عارە یاران بکەی یاد

یان کاغەز بڕاوەو قات بووە یان مەلا مردووە ، یان تۆ خۆت بەعەیب و عاری دەزانی دۆست بەیاد بکەی{دیوان ل٣٢٠}.بۆ نامە نوسین بنوسەکە (مەولەوی) لە گەڵ تێنووسەکە کاغەزە ئۆباڵی نەنووسینی نامەیان دەکەوێتە سەر بۆ یادکردنی دۆست. مامۆستا حەکیم دەفەرموێ مەولەوی زانیویەتی ئەم دووتاکە شیعرە هی بێسارانین بەلاّم لەئاستی پیرەکەیدا دەمی لێ نوقاندوون. {مەولەوی حەکیم ل١١٦} بۆرەکەیش بەناوی شێخ عوسمانەوە تۆماری کردوون{مێژووی وێژە بەرگی دووەم ل} بۆچوونی ئێمە لەبارەی ئەو دانەپاڵ و تێکەڵیەی شیعری ئەدەبیاتی گۆرانەوە ئەوەیە ئەو کاتەو ئێستاشی لە گەڵ بێت باو بووە بە پێی کارو ناوەڕۆکی داڕشتن، سوودیان لە شیعری گونجاو بۆ شوێنەکە وەرگرتووە زۆربەی

نامەکانی نێوان شێخان و مریدو مەنسووبەکان لەو نموونەیان تێ کەوتووە تەنانەت ئەدەبی فارسیش لەونەریتەی هەیە ئەوەش ئەدەبیاتی نامە خواستوویەتی و لەناو ئەدەبی پەخشاندا چەندین شیعرو بەیتە شیعر ڕژاونەتە نامەکانەوە بێ ئەوەی ئاماژە بۆ خاوەنیان کرابێت، ئەوەش تەنیا "شێخ عثمان" نەیکردووەو زۆرگەورە شاعیر و پیرو ڕابەری تریش کردوویانە. بەهەڵە دانەپاڵی هەندێ شیعر بە پیران و شێخان لای بەیاز نووسانی کۆن و لێکۆڵەرانی ئەم سەردەمە لەو ڕوانگەیەوە دروستبووە. هەرلەم سۆنگەیەوە شیعری (یا کاغەز بڕیان یا مەلا مەردەن)ی بێسارانی کراوە بە شیعری شێخ عوسمانی سراج الدین. ئەمە ئەگەر ئەو شیعرە هی بێسارانی بێت. ئەو نەمرانە بێ قەسد ئەو کارەیان کردووەو بۆعەرزی ئەدەب لەو عورفەکەڵکیان وەرگرتووە. نموونەی پەیڕەوکردنی هێنانی شیعری کەسێ بۆ ڕازانەوەو بەهێزی نامەو عەرزو بەیانی نوسەری نامەکە زۆرەو نامە فارسیەکانی نێوان مریدو پیران پڕن لەو نموونانە. تەنانەت خودی مەولەویش پەیڕەوی ئەو نەریتەی کردووە. بۆیە ناسینەوەی خەیاڵ و سەلیقەو قەریحەی ئەدەبی هەرکەسێ بۆ ئێمە گرنگە گەر بمانەوێت خاوەنی ئەو شیعرانە بدۆزینەوە کە لەناو پەخشانەکان و نامەکاندا دێنەڕێمان. من ئەو سەرنجەم داوە لەو بارانەدا ئەوانە نەیان وتووە ئەمە شیعری منە {بگەڕێوەبۆشیعری دوازدەیەمی پیتی"ب" لەم کتێبە} ئەوە ئێمەین لەڕابردوو ئێستادا وا تێگەشتووین شیعری هەر بابایێك لەهەر پەخشان و نامەو عەرزو حاڵێکا هاتبێ کابرا بردوویەتی. ئەمە ناکاتە ئەوەی بێژین کە لەو بردن و دزیەمان نیە. بەڵام نیازمانە پاکانە بۆ ئەو هێژایانە بکەین کە تەماو تەفرەقەیان بەماڵی ئەدەبی و شیعری کەسانی تر نەبووە. وە مەولەویش کەسێ نەبووە لە ڕوو دامێنێ و ئەوەی بە سەردا تێپەڕێ، بە دەلیلی ئەوەی ئەگەر سەرگوزشتەی ئەم تاکە ڕاست بێت:

(سەد ساڵ بیوڕێ و کلکی هەڵپاچی

لە دەس ساحێو ماڵ هەرگیز دەرناچی)

لەلایێکی تریشەوە دەبێ ئێمە پشکنین و لێکۆڵینەوەکانمان چڕتربکەینەوە بۆ دۆزینەوەی لانی کەم ئەو جۆرە نامەو وەڵامەنامانە. ئەو کات دەتوانیین ڕونترو دروستر

بنووسین وەها کارێکیش دەبێ دەوڵەت و دامەزراوە ڕۆشنبیریەکان زەمینەسازی بۆ بکەن

١٤–غەمگین مەنیشە غەم بدەر وەباد		خەفەت بەبادە خەم مەدە بە لەش

فەلەك نمازۆ کەس وەخاتر شاد		گەردوون ناهێڵێ هیچ کەس بە دڵ گەش

بەغەمگینی و خەفەتباری دامەنیشەو خەمت بە بادە، چوون فەلەك کەس ناهێڵێتەوەو بە دڵشادی{دیوان ل ٣٢٠}

١٥– ئەوەڵ من کێنان وجودم جەکۆن		یەکەم: من لە کوێ رایەم دەکەوێ

واچوون دۆسەنان شەرت قەبوڵ تۆن		بڵێم من دۆستم رەزای تۆی دەوێ

یەکەم: من کێم و بوونم لە کوێیە؟ تا بڵێم دۆستم، شەرت و ئەساس پەسەندو قبووڵ کردنی تۆیە. تەڵەبی دۆستی و ئەژمار بوون بە دۆست کەی لەسەرداوا کار وەستاوە. ئەوە بەسراوە بە قبووڵ و ڕازی بوونی یارەوە. عاشق لەم دۆخانەدا دەبێ (من) بەجێبێڵێ. من لە هیچ گۆشەیەکی ئەم ئەتڵەس و جگرافیایەی شەیدایی دا شوناسی نیە. من وتۆ دەبێ نەما بێ، ئەم دیوو ئەو دیوی پەردەش کۆتا بورە.

١٦– ئەر وە بێگانە وەر خوێشم زانی		بەخوێشم دانیی یاخۆبێگانە

تۆ حەساوەنی وە هەرچیم وانی		خاوەن ڕا هەرتۆی ئەم یا ئەویانە

بە دەست تۆیە گەر بە بێگانەو ئەغیارم حسێو بکەیت و گەر بە دۆست و یار، یان بە هەر چی بە هەرچی بمخوێنی و ناوم بنێی بە دەست تۆیە. دەکرێ تۆ ئەسڵەن نەك بەیارو ئەغیار ئان بیگانەو خوێش نەمخوێنیەوە، ئەتوانی بەهیچ بمژمێری . هەموو کیتاو حیساوو ناو پێوەرەکان لای تۆن .

١٧–دووەم چوون کەسێ گەدایی کێش بۆ		دوو: کێ گەدایێ تان و پۆیەتی

یادتواضع خەصڵەت وێش بۆ		یادی "تواضع" پیشەی خۆیەتی

دووەم : هەر کەسێ وەك من باری گەدایی و سوالکەری و نزمی بوونی خۆی ڕاکێشێ لاتی و ڕەجاڵی و نزمی سیفەت و خەسڵەتی ڕاستەقینەو ئەسڵی خۆی بێت. یان کەسێکی وەك من کە لەسەر دینی هەژاری بێت و یاد کردنەوی خۆبە کەم زانین

خەسڵەتی بێت. {مەولەوی تەفینەوەی زمان ل١١٢} کیش لەفارسیدا بەمانای مەزەب و ئایین دێت. {عمید جلد دوم ل ١٦٦٩}واتە دەشبێت مەبەست دیدو تێڕوانین بێت و مەولەوی نیازیەتی بڵێ ئایین و ژیانی من ژین و دینی هەژارانە.

١٨-ئەر بارۆ نەدڵ تواضع کەردەن گەر ویستی بەدڵ "تواضع"بێنێ
هەرعادەت وێش وە جا ئاوەردەن ئەوە خوی خۆیەبەجێی دەهێنێ

ئەگەر بەدڵیدا بێت و جارجار ناوی کەسێکی دەوڵەمەنی وەك تۆ بەرێ، ئەوە عادەتی گەدایانەو دەرۆزەکەری خۆی بەجێ هێناوەو شتێ سەیری نەکردووە. جوکانەوەو نووزە نوزی گەدایان بەرامبەر دەوڵەمەندان باوترین شتە. ئەم بەیتەش وەرگێراوەو تەرجەمەی ئەم بەیتە فارسیەیە:

تواضع زگردن فرازان نکواست
گدا گر تواضع کند خوی اواست {مەولەوی حەکیم مەلاسالح ل ١١٦}

١٩-بەلام هەرکەسێ شێخی میسالەن بەلام کێ وەك تۆ خاوەن کەماڵە
عادەت ئیستیغناو شێوەش جەلالەن پیشەی بێباکی و شێوەی جەلالە

بەلام هەرکەسێ وێنەو شێوەی چوون تۆیە یان کەسێکی وەك تۆ کە گەورەو بێنیازو دەوڵەمەندو خاوەن قودرەت و پایەیە .

٢٠-ئەر جارجارێ نام چوون منێ بەرۆ گەر یاد کا یەکێ وەکو من جارجار
خرق العادەتێ ظاهیر مەکەرۆ خەرقی عادەیەو دەیکا ئاشکار

گەر جارجارێ ناوی کەسێکی وەك من بەرێت بەڕاستی ئەوە خەرق العادەیەو لەکەسی تر نایێت. لە نەریت لادان ئاشکرا دەکات و هێز ئەنوێنێ. ناوبردنی گەداو سواڵکەران لای خاوەن پایەو دەوڵەمەندان سەیرو سەمەرەیە. ئەم بەراوردەی نێوان مریدو مراد، لات و غەنی، بەشارێی تەریقەتەکانا دەمانبات تا ئەوکاتەی ئەوسیفەت و دانەپاڵانە حاڵی دەبین. لەڕاستیدا ئادەمیزاد لەباریدا هەیە پایەی بەرز بێتەوەو هەرچۆنێ کە نزم دەبێتەوەو لەوانەشە مامناوەندی بێت. مەولەوی شێخ عثمان بەو کەسە دەداتە قەڵەم بەهەوڵ و تێکۆشانەکانی پایەبەرزبووە، بڕوای مەولەوی بەخەرقی عادەت و کەراماتی

ئەولیاو موعجیزەی پێغەمبەران قاییمەو بەدرێژی لە مەرضیەدا لەوباسەدواوە. لە قورئان و سیرە نموونەی پیشانداوە {مەرضیەل ٤١٠-٤٣٩}

٢١-ئەر ڕاضیت وەیاد خەستەی دلگیری     گەر ڕازیت بە یادخەستەی دلگیری

یاشێخ تۆداییم نەقش ضەمیری     یاشێخ !تۆ دایم نەقشی زەمیری

یاشێخ ئەگەر ڕازیت منی گرفتاری دەردی خەفەتباری یادت بکەمەوە، ئەوە بزانە کە تۆ هەمیشە لەدڵما نەخشکراوی و لەیادم ناچی. {دیوان ل ٣٢٢} تۆ ئەگەر یادی منی کۆڵەوارو بیمارو تەنگ دڵ پەسەند بکەیت، یا شێخ تۆ مۆری هەڵکۆڵراو نەخشی سەردڵی منی. تۆ دڵت گرتووم و بویتە نەقشی "باطنم" تۆ هەردەم ناوت لە دڵمایەو یادت لە هزرو ئەندێشەی ناوەوەمدا، تۆ مۆری ڕەوشت و ڕازە پەنهانەکانی منیت و دیوی شاراوەی من "باطنم" هەمیشە بە یادت ئاوەدانە. دیارە ضەمیر لەدڵ جیایەو مەولەوی نیازی لەباطن و شوێنڕازی پەنهان و دیوی ناوەوەی مرۆڤە لەکوردیدا ویژدانی پێدەوترێت. مەولەوی بە شیعرەکانی لەم جۆرە حاڵەتانەدا دڵنیامان دەکات ئەو لەژیانی کۆمەلأیەتی و دینداری ڕواڵەتی و تەنانەت لە وابەستەبوونی بە تەریقەت و پیرانیشەوە بێخەوش بووەو لەهەر جۆرە ڕواڵەتبازی و ڕیاکاری خۆبردنە پێشەوەیێ بەدووربووە. ئەو هەمیشە بایەخ بەدیوی ناوەوە دەدات، زۆر بەتۆخی ئەم پرسە لەگەڵ پیرە کانیشیا دێنێتە پێش. ئەمە بەدەر لەوە هەمیشە بەرامبەر گلەیی یە ڕواڵەتیەکان ئەو پاساوی "باطن"ی هەیە. نموونەی ئەم بەرامبەر وەستانەی ظاهرو باطن لە گلەییەکانی دۆستاندا بە ڕۆشنی پیشان دەدات و بەم چەکە بەهێزانە گلییەکان بچووك دەکاتەوە.

٢٢-چ حاجەتەن دەس پەی قەڵەم بەروون     بێسود بۆ قەڵەم من بۆ داد کەم

یادم نمەشی چەنیت یاد کەروون     لەیادم ناچی چۆنت یاد کەم

چ پێویست دەکات دەست بۆ قەڵەم بەرم، لەیادم ناچیت! چۆن یادت بکەم؟ یادکردن حەتمەن بەسراوە بە لەیاد کردن و لە یادچوونەوە. من کەهیچ کات پێویستم بەوە نیە یادی تۆ بکەمەوە، چون هەرگیز لەیادم نەچوویت. یاد کردنەوە دەلیلی ئیثباتی لەیاد چوونە. من تۆم لە یاد نەچووەو نەخشی دیووی ناوەوەمی. گەرئەم هەمیشە لە یادیە بە

ڕوومەوە دیار نیە ئەوە لە "ضمیر"مایە. چوون یادو سەیرو سۆقات و دیاری و نامەو تەعاروفات و لە ڕوداوانەکان کاری ئەوانە نیە وەفاداری شەرتی ئەلەستن و پەیمان پەروەری نەریت و وەفایانە، عاشقانی پیرو ئەزمونکاران حەوجێیان بەو دەس و دیاریە نیە.

٢٣-پەی کەسێ خاسەن نامەی جەحوب کەیل    بۆ کەسێ باشە نامەی لەحوب کەیل

تازە بسانۆ وضوو جە جۆی مەیل    تازە هەڵگرێ دەسنوێژ لەجۆی مەیل

نامەی پڕو سەرشاری خۆشەویستی بۆ کەسێ باشە، تازە دەسنوێژی لەسەر جۆگەو سەر سەراوی مەیل هەڵگرتبێ. واتە ئەوجۆرە نامانە بۆ تازە عاشقان و تازە بریندارانی تیری ئەوینە دیارە من لەوانە نیم. عیشق و مەیلی من قەدیمیەو لە زوەوە مەست و سەرحاڵم.

٢٤-خۆ من هەر جەزوو وە مەیلت مەسم    خۆ من هەر لەکۆن بەمەیلت مەستم

هەر جان فیداکەی ڕۆکەی ئەلەستم    هەرگیان فیداکەی ڕۆژی "ألست"م

خۆمن هەر لە کۆنەوە سەرخۆشی خۆشەویستی تۆم و لە ئەزەلەوە گیان فیدام {دیوان ل ٣٢٢} بۆ بادەی ئەلەست و شەرت و پەیمانی ئەلەست بگەڕێوە بۆڕاقەی{شیعری سێیەم پیتی "ج"و شیعری دووەم پیتی "ڕ"لەم کتێبەدا} سەرحەڵقەی ئەو بەزمەی ئەلەست خواجەحافزی شیرازی وتویەتی:

مطلب طاعت و پیمان و صلاح از من مست

که به پیمانه کشی شهره شدم روز الست

من همان دم که وضو ساختم ازچشمهء عشق

چار تکبیر زدم یکسره بر هرچه کههست

داوای گوێڕایەڵی و پەیمان و چاکبوون لە منی مەست مەکە، چونکە هەر لەڕۆژی ئەلەستەوە بە مەیخۆری بەناوبانگ بووم. من هەر ئەوساتەی کە دەسنوێژم لەکانی عەشق هەڵگرت، یەکسەرە چوار تەکبیرەی هەموو ئەو شتانەم کرد کە لەجیهانی بووندا هەن. {مەحرەمی راز ب ١ ل٣٣٧}.

٢٥–سێیەم غەمگینیم جەدەس خەجڵەتەن　　سێهەم :خەمینییم لەبەر خەجڵەتە

خەجڵەتم جەدەس سەختی غەفڵەتەن　　خەجڵەتم لەبەر سەختی غەفڵەتە

سێیەم غەمگینی و خەفەتباریم لەخەجاڵەتی و شەرمەزاریمایە، خەجاڵەتی و شەرمەزاری یشم لەپیس بێ ئاگاییمایە. سەرلێشێوان و بێ ئاگاییم سەخت و ونیان کردووم و خەجاڵەتیان بە سەرا هێناوم، خەجاڵەتی غەفڵەت بێتاقەتی کردووم و جام نیە نامە بنووسم.

٢٦–یاران وێنەی صاف مەی، وەکامەوە　　یاران وەك سافی مەی بەکامەوە

ویەردەن چوون دوورد هەر من مامەوە　　ڕۆشتن وەك خڵتەی هەرمن مامەوە

یاران وەکومەی ڕۆشن و زولاڵ بەکام و ئارەزووی خۆیان جاری بوون و تێپەڕین، من نەبم وەکو خڵتە مامەوەو ناجووڵێم. یاران چوون مەی ساف و زولاڵ هەڵدران و بەکامی خۆیان گەیشتن، من نەبێ وەك خڵتە نیشتووم وهەڵنادرێم و تێناپەڕم و ناگەم. یانی من خەجاڵەت و غەفڵەت و گوناه قورسیان کردم و جووڵەیان بڕیم و چەقیم. وەك خڵتەی بنی شووشەم لێهاتوەو بەدەمی شووشەدا ناڕۆم و بەکامی تیاچوون و گەیشتن ناگەم. ڕێڕەوی ملی شووشەو دەمی مەینۆش و تێکردن و قەهقەهەی کام دروست نابێ، لەبەرئەوە من خەست بوومەتەوە ئەو کەش و هەوایەم نیە. پیرەمێرد بەم جۆرەی وەریگێڕاوە:

یاران وەك مەی ساف چوونە دەمەوە

من خڵتەم کەوتمە کوپەی خەمەوە

من وەك یارانی بە ئاسان تێ پەڕیو نیم . ئەوان مەی زلاڵ و من خەوش و خاڵ. مەولەوی لە هەندێ شوێنی تر"دورد"بە ئەرێنی بەکاردەبات و بەسەر مەی سافدا سەری دەخات. چوون بۆ مەستبوون بە پەیمانەی یار "مەی" خەستەکەی باشترو بەهادارترە لە تەڕو ڕۆشنەکەی. بەلاّم لەم بەیتەدا نیازەکە جیاترەو مەولەوی دەڵێ: یارانی دڵساف و زێڵ زولاڵ و بەرچاو ڕون و بە ئاگایان و دیدە ڕۆشنان، بەئاسانی تێپەڕین و بەکام گەیشتن.

منی نیشتوو له خڵتەو خاشاکی گوناهـ چەقیووم و پێم وانیە بەم ئاسانیە ڕابوورم.( زوڵاڵ ببمەوە).

٢٧–گیای پەژموردەی تەژنەکەی بێ شۆم سەوزەی ژاکاوی لێووشکی بێ شۆم

چەمەڕای وارای هەور لوطف تۆم چاو لەبارانی هەوری لوتفی تۆم

من وەك گیایەکی سیس بووی لە ڕادەبەدەر تینووم لێهاتووە، چاوەڕوانی بارانی لوتفی تۆم {دیوان ل ٣٢٣}گیای بێگیان و کەوتوی سیس و ژاکاوی من لەڕادەبەدەر تینووەو لە فەوتانایە، هیچی تر ژیان و گیانی پێ نابەخشێتەوەو تەنها چاوەڕێی بارانی لوتفی تۆیە. بێشۆ: سەرەڕای بێئەندازەو بێحەد. مانای بێدەرەتانی "گیرمان" دەدات. مەولەوی جوانترلەوەی خۆی بچوێنێ بەگیا. بەڵکو دەڵێ: گیای گیان و لەشی من کەنزیك بوەتەوەو لەمردن و فەوتان هیچ ئاوو دێرانێکی تر نابێتە بارانی لوتفی تۆ. بۆیە چاوەڕێم بارانی لوتفت گیانم وە بەرکاتەوەو بالآم پێ بکاتەوە. دەزانیین لەبێبارانیدا گیا پەژموردەو سیس دەبێت، هیچ بەدیلێکی تر جێی باران ناگرێتەوە. بۆ ڕۆحی سیس و ژاکاوی مەولەویش بارانی لوتفی شێخ ژیان بەخشە.

مەولەوی ئەم تەوەجوهـ و نامەنوسین و ئیلتیفاتەی شێخ لەبەیتی(١٠)دا بە"ڕۆح ئەفزا" ناو دەبات. لەم جۆرە وێنانەدایە توانستی شیعری مەولەوی بۆ زمان دروستکردن لەعرفاندا هەست پێدەکەیت. ئەو هەر بەو زاراوە سادەو مانا باوانەی نێو ژیانی کۆمەڵەکەی گوزارشت لەسەخت ترین زانست و بیرو هزری خۆی دەکات. چوون ڕەنگرێژیەکی تر بە پێکەوەبیان دەدات و تەمرینی خۆشەویستیان پێدەکات. ئیتر هەموو زاراوەیێك لەدەستی عاشقا نەرم دەبێت و بە وێنەی عاشق خۆی ئەویش دەچێتە ژێر بارو ئەرکی قورس ترین مانا بەئاسودەییەوە هەڵ دەگرێت. ئەمەش لای عارفان ئاسانە.

٢٨–تۆ دەس وە ڕەشحەی ڕەحمەت پەیاپەی تۆ دەس بەپرژەی ڕەحمەت پەیاپەی

من وەی پرخاوی حەیفەن یەتاکەی حەیفە من پڕ خەو ئەمە هەتاکەی

نمی نەبراوەی ڕەحمەت بەدەست تۆوەیەو منیش بەم جۆرە خەوم لێکەوتووە، بۆچی چەند دلۆپێك ناپرژێنی لەدەم و چاوم تاهۆشم بێتەوە بە خۆما. {دیوان ل ٣٢٣} تۆ کە

هەردەم دەس بە نمەی ڕەحمەتی تەڕی هۆشیاریت، حەیفە تاکەی من لە خەوی غەفڵەت و گێلیا بژیم. بەو نمەو بارانە بەئاگام بێنە.

٢٩– تەنیای حەقیقی نەردێ بشانۆ          تەنیای حەقیقی بهاوێ زارێ

منو تۆ جەدەس من و تۆ سانۆ          منو تۆییمان بروا بەجارێ

بەش یاری تەنیاوحەقیقی، زارێ هەڵدا، ئەم من و تۆییە لەم من وتۆیە بسێنێ. واتە ئەم دوو تەنی ودوڕەنگی و دووناوە جیایە نەمێنێ. ڕۆح ئاوێزان بێت و پەیوەستی ڕۆحی دروست بێت. پەیوەندی نێوان عاشق و مەعشوق دڵ و دۆست پەیوەندیەکی ئەزەلیە. پیر ئەو دەلیلەیە ڕێنماییمان دەکاتەوە بۆ لای یاری ڕاستەقینە، واتە هەمان شوێنی ئەوەڵ جار کەیار لەوێوە ڕەوانەی ئێرەی کردین بۆ ئەزموونکردنەوەی فەسڵ و قەدرزانی وەسڵی خۆی. واتە ئێمە هاتینە سەرزەوی بۆئەوەی عاشق بین و تێبگەین وەسڵی یار چەن خۆشەو فراق چەند سەخت و گران. ئیترگیان ئەدەین تەنها بە خاتری ئەوەی بگەینەوە یەکەم ماڵی خۆمان و شاد بینەوە بەیاری ئەزەلی. ئاخر گەر نەهاتینایە لەکوێ نرخی نزیکی لەخوا حاڵی دەبووین و قەدری بەهەشتی ئاوەدان و نزیك بوون لە خوامان ئەزانی ؟! ئەم سەرزەمینە یاریگای دڵەو تا زیاتر عاشق بین زوتر ئامادەی گیاندانین، ئیتر هیچ شتێ لێرە ئامانج نیەو ڕاستەقینە نیە، هەموو شتەکان هۆکاری ڕوونکردنەوەو فێر بوونن. یانی پیرومراد ئامانج نین ئامانج مەعشوقی ئەزەلی "الله"یە. ڕێگەی عیرفانیش ڕێگەی دڕان و لەدەستدانی پەردەکانی جیسم و ئازاد بوونی مەلی گیانە. بۆ لە ناوبردنی "من"ی دەروونی ئینسانە. {رسالەی عیشق ل ٥٢} مامۆستا حەمەڕەشیدی ئەمینی لە دیوانی میرزا ئەولقادری پاوەییدا شیعرێ بە ناوی "قیبلەم بینایيم "بڵاو دەکاتەوە. میرزا ئەم تاکەی مەولەوی گواستوەتەوە بۆ شیعرەکەی کۆتایەکەی بە پۆی ئەم تاکەچنیوە.

قووتم زووخ زام قنیاتم دەردەن

فەردەکەی مەعدووم سەرمەشق فەردەن

تەنیای حەقیقی نەردێ بشانۆ

من و تۆ جە دەس من و تۆسانۆ

ئەرواو دیدەو دڵ گشت بیان بە یۆ

نەك چوون من و تۆمن من بام تۆ تۆ

تۆ بی تۆ مەیلت منش مەنزوور بۆ

من بیٚ من ڕۆحم پا نە حوزور بۆ

شایانی باسە مامۆستا ئەمینی پێش ئەم شیعرە، شیعرێ بەگومانەوەو دوو شیعر لەپاش ئەم شیعرە شیعری "قیبلەم فیراقت"بەناوی میرزاوە بڵاودەکاتەوەو شیعرێکی تریش گوایە (نووری) شاعیرەکە بۆمیرزای نوسیوەو میرزا لەوەلامیا"قیبلەم فیراقت"ی نوسیوە. دەنوسیٚ نازانم هی کێیە؟ {دیوانی میرزائەولقادری پاوەیی موحەمەدرشیدی ئەمینی٢٠٠٨ ل١٢٦}

ئەوەی ڕوونە زۆربەی سەرچاوەکان هەردوو شیعرەکەبە هی مەولاناخالد ئەدەنە قەڵەم. سەیرم لیٚدیٚ مامۆستا ئەمینی چۆن وەها کارێکی کردووەو سەیری ئەوسەرچاوە متمانەدارانەی نەکردووە. نووری نازناوی ئەو سەردەمە شیعریەی مەولانا بووە. مدرس لەیادی مەردان دا بەرگی یەکەم کەتایبەتە بەمەولاناو ئەدەبیاتی هەردووشیعرەکەی بڵاوکردوەتەوە.{یادی مەردان بەرگی یەکەم ل ٦٢٤، ٦٣٥}صدیق بۆرەکەیی لە {مێژووی وێژەی کوردی بەرگی دووەم ل ٥٥٤—٥٥٥} و{دیوانی مەولانا خالد کتێبی دیداری مەولانا ل٢٧٧، ٣٠١} پیرمێردیش لە ڕۆحی مەولاناخالد دا شیعری قیبلەم فیراقتەکەی بڵاوکردوەتەوە .

٣٠— تۆ بیٚ تۆلوطفت پەی من زیاد بۆ    تۆ بی تۆ بۆ من لوتفت زیاد بیٚ

من بیٚ من ڕۆحم وە خزمەت شاد بۆ    من بیٚ من ڕۆحم بەخزمەت شاد بیٚ

تۆ ئیتر بێخود بەبیٚ ویست لوتفت بۆ من هەبێت و منیش بیٚ خۆم گیان دەربەم و شاد بم بە خزمەتت. ئیتر من من نابم ، بەم غەفلەت و بیٚ ئاگایی و خەجلەتەوە. من شادم ونوساوم بە کەرەمی لوتفی تۆوە .

## شیعری پێنجەم:

١-گەرمی کوورەی مەیل قەیس چۆڵ گەردەن

تەئسیر نەتۆی دڵ لەیلیٚ ئاوەردەن

گەرمی نێو کوورەی خۆشەویستی و مەیلی قەیسی وێڵی دەشتی چۆڵ و بیابانە، گەیوەتە لەیلیٚ و کاری لێکردووە. ئەوە هاڵاوی گەرمی مەیل و گڕەی مەجنوونە هێندە بە هێزەو تای لە لەیلا هاوردووە. لەدیوانەکەدا ئەم چوارینەیە بۆمەولەوی تۆمارکراوە گوایە لەوەڵامی چوارینێکی "ئەحمەد پریسی" دا نوسراوە کە هەردوکیان بە بۆنەی نەخۆش کەوتنی لەیلێی خوشکی کاک ئەحمەدەوە نووسراون.{دیوان ل٣٨٨ }بەڵام مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی لە شارۆکەیدا نوسیویەتی: مەلافەتاحی کاگردەڵی لەسەر شیعری"لەیلیٚ شیفای زام"نوسیویەتی هی مەولەویە و بۆ نەخۆشی خوشکی کاک ئەحمەد نوسیویەتی و لەسەر ئەم چوارینەیەش (گەرمی کوورەی ..) نوسیویەتی مەجزووب لەوەڵامدا نوسیویەتی.{شارۆیەك لە باخچەی ...ل ٢٦٢}دواتر مامۆستا حەکیم بەپێی دووسەرچاوەی باوەڕ پێکراو ساخیکردوەتەوە ئەو شیعرەی سەرەوە هی (کاك ئەحمەدی برای لەیلێیە) و ئەم چوارینەیان هی مەولەویە:

لەیلیٚ شیفای زام مەجنوون بە ختانەن

شیرینیش دەوای فەرهاد ڕەختانەن

حەیف نیەن فەڵەك چەواشەی چەپگەرد

شیفا وە ئازار، دەوایی وە دەرد؟ بەشێك لەدیوانی مەجزووب چاپی یەکەم ٢٠٠١ ل٦٥}

کەواتە دەبیٚ چوارینی(لەیلیٚ شیفای زام) بۆ مەولەوی تۆمارکرێت و بچێتە ڕیزبەندی شیعرەکانی "پیتی ل"ەوە و لەویٚ جیٚ بگریت و ڕاڤەی بۆ بکرێت. بەڵام سەبارەت بە چوارینی" گەرمی کورەی مەیل"مامۆستا حەکیم بەبەڵگەوە سەلماندویەتی هی ئەحمەدپریسی- مەجزوبە. کەچی زۆر سەیرە لەمەولەویەکەیدا فەرموویەتی: ئەم چوارینە دوو بەیتی غەزەلێکی(٧)بەیتی خاڵۆی کوماسیە، پێشتر لەمەولەویەکەیداو دواتریش لەدیوانی خاڵۆی کوماسیدا بڵاوی کردوەتەوە. بە بەبیٚ ڕونکردنەوەو

سەرچاوەی باوەڕ پێکراو. {مەولەوی حەکیم ل ١٢٢ودیوانی خالۆی کوماسی حەکیم مەلاسالح ل٢١١} بەلاّم ئەم شیعرە لە دیوانەکەی ئەحمەد بەگی کوماسی موحەمەد عەلی سوڵتانیدا نیە.

کۆمەڵێ شیعر لای مەولەوی و پریسی بە دەورو خولی "لەیلێ"دا دەسوڕێنەوە. جا لەیلای خوشکی کاك ئەحمەد بێت یان لەیلای داستان و ماشقەی مەجنوون بێت. تکایە بگەڕێوە بۆ شیعری ( قسبەیێ ئەکەم بە ڕێ و جێ وێ) لە {شەریعەتی مەیل بەرگی دووەم}

٢-بەڵ نە تاو ڕەقیب وە دەرد مەشهوورەن

وەر نە دەرد و لەیل هەی نە یەك دوورەن

لەتاو چاوی بەدو نەگریسی ڕەقیبدا شوهرەتی دەردی لەیل بلاّو بوەتەوە، ئەگینا لە ڕاستیدا دەردو لەیل زۆر دوورن لەیەکەوە. لەیل خۆی شیفای هەموو دەردانە. یان: ئەوە لەیل نیە دەرداوی بێت بەڵکو ئەوە ڕەقیبە لە تاودا دەردی گرتووەو ناوبانگی دەردی گرانی دیارە، لەیل شیفایەو نەخۆش نیە، دەردو لەیل دوورن لەیەکەوە. جەلیل عەباسی پێی وایە لێکدانەوەکەی دیوان هەڵەیەو کەچی خۆیشی ڕاستیی بۆ نەنوسیوین. هەروەها لای وایە ئەم شیعرە نزیکە لە شیعری( لەیلا ساداریش...)بڕوانە {هەورامان ژ ٢٢ ل ٤٤}



کاك ئەحمەدی پریسی

**تاك:**

-گەر زەڕەی شعوور هەیە پێتەوە

که وتیان خودا ئەبڕێتەوە

ئەگەر تۆسقالێ هەست و تێگەشتنت پێوە بێ، له کاری خوادا قسه ناکەی، چونکه که وتیان"خوا" ئیتر هیچی تیا نامێنێ و ئەبێ ئادەمیزاد پێی ڕەزامەند بێ.{دیوان ۳۸۹}

ڕەنگه ئەم بەیتەش قسەیەکی نەستەق بێت، له ئان و ساتی چەندو چونێکی ناو مەجلیسێکی کەلام دا وترابێت. چونکه مەفهوومەکه به جوانی له عەقیدەی مەرزیەدا به درێژی باسی کراوە.

-گرد کار چەرخەن چەرخش چەمەر بۆ

وەر نه من جه کۆ دووری تۆ جەکۆ

ئەمه هەموو کاری چەرخە، ڕەبی دەوری ژێراو ژوور بێ! ئەنا من له کوێ و دووری تۆ لەکوێ؟!



سەرشاتە. مەزاری مەولەوی

ئەگەر خوای کردوو بەچاوان تۆم دی
خەوو خەیاڵم تێکرا هاتە دی
ئەو دینەت شەوقی دڵ و دینە
ئەو دیاری خوایە، مایەی ژینە
ئەگینا چرام کوژاوەتەوە
قەدەم لە خەمدا چەماوەتەوە
بەم کوێرەوەریە و بەم دڵ تەنگیە
ئەی خاکم بەسەر دیاریم بۆ چیە؟

لەبڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان ٢٠١٣
لەسەر ئەرکی (د. تەها رەسوڵ) چاپکراوە